


# ڕەش!

**سەلاح نیساری**
**(بۆکان)**

ئـەوان لـە مێـژ بـوو زەندەقیـان لـە ڕەنگـی سـپی چووبـوو، تەنانـەت زۆریـش لـە بەفـر دەترسـان. وەختێـک نـاوی بەفریـان دەبیسـت، تێـک دەچـوون! کاتێـک ئـەو هەواڵەیـان بیسـت، برینـەکان بەهـۆی بەفـرەوە سـاڕێژ بوونەتـەوە، ئیـدی چاویـان چـووە پشـتی سـەریان. حەزیـان بـە مردنـی خۆیـان کـرد، نـەک بـە بیسـتنی ئـەم هەواڵـە. ئـەوان بـەوە دڵخـۆش بـوون ئـەو برینـە ئاواتـی دزێویـان پێـک دەهێنێت.

***

درەنگانێکـی شـەو پزیشـکەکە ئـەم هەواڵـەی بەگوێـدا چرپانـد، هەرچەنـد ڕووناکایـی چرۆیـی بـزەی ترووکانـد، بـەڵام هێشـتا تاپۆیـەک دڵـی ڕێـک دەگوشـی. لـە خەیاڵـی خۆیـدا بـەم زسـتانە منداڵەکانـی بـە ڕووتـی هاتنـە بەرچـاوی. وای دانـا سـەرمایان بێـت باشـترە نـەک بـە ئـازاری ئـەم برینـەوە بمـرن. ئایـی بەشـکوو بەفرەکـە بۆیـان ببێتـە شـیفا و جەرگـی نەسـووتێ. ئـەو شـەوە نەیزانـی چەندێـک خـەو چـووە چـاوی، بـەڵام ڕۆژی لـێ بـۆوە. بـە خۆشـییەوە بەیانـی تاوکـەوت و پەڵەهەورێـک بـە ئاسـمانەوە نەبـوو. هـەر لـە ژووریَ منداڵەکانـی ڕووت کـردەوە و پیلـی گرتـن و بردنیـە دەشـتەکەی بەرماڵـی خۆیـان، هەرچەنـد منداڵـەکان قیژاندیـان و هاواریـان کـرد، وەک باگردێـن هەرسـێکیانی لەسـەر بەفرەکـە تلانـدەوە!

منداڵـەکان دەیانقیژانـد، هەڵدەلەرزیـن و دەگریـان. بـە پانـی و درێـژی، ئەوەنـدەی منداڵـەکان خۆیـان تێـدا تلانـدەوە، پەڵـەی سـوور کەوتـە سـەر بەفـرە بەسـتووەکە. منداڵـەکان ئەسـرین و ئـاوی لووتیـان

تێکەڵ بووبوو، جەستە و دەم و ڕوومەتیان وەک چۆنەر سوور هەڵگەڕابوون، بەڵام هەستیان دەکرد برینەکانیان سووک بووە و ئازاریان نەماوە. لە دڵی خۆیاندا وایان بیر دەکردەوە، بە هۆی ساردی بەفرەکەیە تەزیون. ئەو برینەی هەتا تاوێک لەوەپێش لەشی شووژن ئاژین دەکردن، ئێستا سەرماکە ئۆخژنیان پێ دەبەخشێ. دوای سەعاتێک تلانەوە لەسەر بەفر، بەدەم لێوەلەرەوە، لەگەڵ دایکیان گەڕانەوە ماڵێ و خۆیان پۆشتە کردەوە. دایکیشیان گوێی بە قسە و سەرکۆنەی ئەو خەڵکە نەدا سەیریان دەکرد و دەیانگوت شێت بووە، لە کاتێکدا منداڵەکانی ئەوانیش بەدەم ئازاری ئەو برینانەوە دەیانناڵاند.

***

دوای دوو- سێ ڕۆژ قاو کەوتە نێو خەڵک ئەو سێ منداڵەی لە نێو بەفرەکەدا خۆیان تلاندووەتەوە، برینەکانیان ساڕێژ بووە و هیچ ئازارێکیان نەماوە. ئەوان هەرئەوەندەی ئەو هەواڵەیان بیست بە یەکجاری دنیایان بەسەردا ڕووخا. زانیان ڕیسەکەیان بۆتەوە خوری، هەر بۆیە ئەوجار لە دژی منداڵان دەستیان بۆ چەک برد. دەستووریان دا کەس لە ماڵێ نەیەتە دەرێ. ئەو هەواڵە وەک برینەکە بە ئاواییدا بڵاو بۆوە. منداڵان گوێیان بەو فەرمایشتە نەدا، نزیک ڕۆژاوا دەستبەکار بوون. ئەو ڕۆژە ئاوایی لە بەفردا خنکابوو، ئەوەش بە کەیفی منداڵان بوو. هەندێکیان بە دەست و سەری ڕووت، تاقمێکیش بە کڵاو و دەستەوانەوە، بە سەلیقەی خۆیان دەستبەکار بوون.

***

کە تاریک داهات، هەتا نیوە شەو کەس لەبەر سەگوەڕ و دەنگی تەقە خەوی لێ نەکەوت. ژن و منداڵ زۆر ترسان. لەدوای نیوەشەو، سەگ لە حەپە کەوتن و تەقە ڕاوەستا. بێدەنگی بەسەر ئاواییدا زاڵ بوو. بەیانی هەتاو تاریکی ڕادا و بزەی ڕووناکی وەسەر ئاوایی کشا. قاقا کێشانی منداڵان دایک و باوکانی لە ماڵێ هێنایە دەرێ، گەورەکان بەبینینی ئەو دیمەنە واقیان وڕما. مرۆ بەفرینەکان سەر و سنگ ڕەش بەدەم ئەو گوللە بارانەوە کون کون و هەندێکیان سەر و دەستیان پەڕی بوو، چەند دانەیەکیان بە پشتا کەوتبوون. چەکەکان بە دەمەوە لە بەفر چەقیبوون و سەگەکانیش لەسەر لاشەی ئەوان مڕ مابوون و سەیری شوێنی کەڵبەی خۆیان دەکرد.